# تەها حوسین لەسەر ئەساسی سیاسی
# یەکگرتنی وڵاتانی عەرەبی ڕەتدەکردەوە



قاهیرە: صبحی موسی
وەرگێرانی: شێرزاد هەینی ـ سوید
Sherzad55@hotmail.com

دامەزراوی میسری بۆ کتێب دوو بەرنامەی هاوینەی کەلتووری خۆی بەناوی ( ئێمەو ئەوان ) سازکردبوو، لەو دیدارەدا کتێبی طه حسین بە ناوی ( مستقبل الثقافه فی مصر ) یان بە ئامادەبوونی مامۆستای دەروونناسی د. احمد زاید شرۆڤەکردبوو، لەو کۆڕەدا ڕەوشی فێرکردن لە ڕووانگەی بیری میسری باسکرابوو. پرسیارشی‌کرا چۆن سستەمێکی تازە بێتە ئاراوە بە مەرجێک هاوتەریب بێت لەگەڵ گۆێگرتن لە ئازادی. پەیوەندی بیری میسری بە خۆرهەڵات و خۆرئاوا چییە ..؟ باس لەوەکرا طه حسین جەختی لەوە کردووە، لە جیاتی قسەکردن و کات بەسەربردن بە دانووستان، با کار بکەین بەرهەممان هەبێت.
دیارە کەوا ئاینی ئیسلام یارمەتی و دەوری هەبووە لە سەقامگیری بیرو هزی یۆنانی، بۆ هەمان ئاین لە سەر وڵاتەکەمان دەوری نەبێت. ئەستونی سەرەکی ئازادی فێربوونە، لەوە هەموو کەسێک هەست بە ئەرک و فەرمانەکانی سەرشانی دەکات، لە کۆتایی گوتارەکەییدا طه حسین وتوویەتی:
من هەست دەکەم، من وەک وەزارەت، هەست بە شەرمەزاری دەکەم، کە دەبینم نەک تەنها خوێندکاران، بەڵکو مامۆستاکان خۆیان پێویستیان بە فێربوون هەیە. من وەک وەزیری پەروەردە شەرم دەکەم، نەخۆشی ناو پرۆسەکە لە نەخۆشی مامۆستاکانەوە دەبینم.
لەبەر ڕۆشنایی ئەو گوتارە، کۆرگێرەکە داواکاربوە با بخوێنین، کۆشش بکەین کەلتوورەکەمان بخوێنین، ئەو کەلتوورەی خەڵکی تری لە خوێندن و زانین ڕاهێنابوو.
کۆرگێری دووەمیش مامۆستای فەلسەفەو جوانکاری لە ئەکادیمیا د. صلاح قنصوەبوو. ئەویش وتبووی: طه حسین ڕابەری بیرو ڕوانینێک بوو، یان دەبووایە هاوبیری بۆچوونەکانی بێت، یان ناکۆکی بیت. هەڵوێستەکانی بانگی لەتبوونی کەلتووری میسری بوون، کەلتوورەکەی بە دوو بەش دەبینی، یەکەمیان

هاوسۆزبوون به کۆلەگەی الازهری کلاسیکی کۆن، دووەمیانیش لەگەڵ نوێکاری و دیدی تازەگەری ئەوروپی بوون.

قنصوه بوونی ئەو دوو بەشەی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە زانیووە، بۆ سەردەمی محمد علی و اسماعیل الخدیویی و هاتنی ئینگلیزی گێراوەتەوە. دیارە کەوا دەستە کۆنەکەی سەر بە الازهر شێوەی هۆشیان لە سەر کاروانی الازهر بینیووە، ئەوانی تریش هۆشیان لە گەڕان و دیتنەکانی دەرەوەو سستەمی فێرکردنی مەدەنییەوە بینیووە.

بە بۆچوونی قنصوه کەلتوورو رۆشنبیری سێ پێکهاتەی بووە:

بنچینە گشتیەکان کە سەرچاوەی لە زمان و ئاین و سستەمی دەستەڵات و ئابوورییەکان دەبێت، دووەمیان، چوارچێوەکان و هزر ئەوەی بنچینە گشتیەکانی وەک جۆری ئاینەکەو سستەمە سیاسییەکە لە خۆ دەگرێت، دیارە ئەو مەبەستی لە پەیوەندییە کەلتوورییەکان ئاوێتەبوون و گەیاندن و یەکترناسین بووە، ئێمە بەناچاری بە رووی دەرەوە کراوینەتەوە، ئەوەش گەشەی بە کەلتوورەکەمان داوە. ئەوانەی ئەو گەیاندن و ئاوێتەبوونە بە پەلامار دەزانن هەڵەن، چونکە پەلاماردان بە چەکداری دەکرێت، نەک بە کەلتوور وەرگرتن.

سێیەم کەسیش لەو کۆڕەدا باسی هەبوو د. کمال مغیث بوو، ئەوەی لە دیتنەکانی وەک توێژەرێک لە سەنتەری نیشتیمانی بۆ توێژینەوەکانی پەروەردە قسەی هەبوو. ئەو دەیپرسی بۆ کاتی خۆی طه حسین ناوی لە کتێبەکەی نەناوە، دوارۆژی پەروەردە، لە جیاتی دوارۆژی رۆشنبیری ..؟ لە وڵامدا وتبووی:

حسین فێربوونی بە وەزیفەیەکی سەرەکی زانیوە بۆ مامەلەی مرۆڤ لەگەڵ کەلتوورو رۆشنبیری، ئەو وای زانیوە ئەو کەسی خوێندن تەواو دەکات، دەبێ بتوانێت لەگەڵ دەرهاتەکانی رۆشنبیری مامەلە بکات. بەڵام بە داخەوە ئێمە هەر ئەوەندەمان لە دەست دێ کادر ئامادەبکەین، ئەوان قۆناخەکان تەواو بکەن، بێ ئەوەی بەکار بن، لە بەرنامەکان شارەزابن، یان کارامەبن لە بوارەکانی خۆیان، واتە ئێمە کارمەند دەردەچوێنین بەکارو بە بەرنامە نین.

کە طه حسین وەزیربوو داواکاربوو ئەزمونەکانی کۆتایی ساڵی هەڵگرێت، چونکە دیارە لەوا خوێندکار تەنها بۆ دەرچوون لە ئەزمونەکان کۆشش دەکات، نەک وەرگرتنی زانست و هزر، ئەو داوای کردبوو وەک چۆن بۆ قازییەکان کادری تایبەتی هەبوو، بەو شێوەش داوای کردووە بە هەمان شێوە، کادریان بۆ بسازێنێت، چونکە قازی لە نێو خەڵک داد رادەگرێت، ئەوا مامۆستاکانیش دوارۆژو کەلتووری میللەتەکەیان دەکەوێتە بن دەستیان. بۆیە ئەوانەش پێویستیان بەکادری راهێنانی بەردەوام هەیە.

لە کۆتایی کۆڕەکەدا توێژەرو رۆژنامەنووس لە رۆژنامەی الاهرام د. مصطفی عبدالغنی، باسی پەیوەندی وڵاتی میسری بە خۆرئاواو یونان و فەرعونەکان کردبوو، لەو کۆڕەکەدا وتبووی:

طه حسین بە بەڵگە سەڵماندبووی کەوا وڵاتی میسر لە رووی جوگرافیەوە بەشێک بووە لە خۆرئاوا، بۆیە بەوە تاوانبارکرا کەوا خۆی بە نەژاد دەگەرێتەوە سەر یونانیەکان. لەو کتێبەدا طه حسین زۆری رادەی نەخوێندەواری لە وڵاتەکەی بۆ چەند هۆکار گەراندیتەوە، زۆر باسی ناسنامەی دروستی وڵاتی میسرو میسرییەکان کردووە. ئەو وتوویەتی ناکرێ وڵاتانی عەرەبی لەسەر ئەساسی سیاسی یەک بگرن،

**بەڵکو دەکرێ لەسەر بناغەیەکی زمانەوانی و ئابوری یەک بگرن. بەڵام یەکبوونی ئەو وڵاتانە پێویستیەکی ناوچەکەیە، ئەوەش تەنها بە یەکێتی دەبێت.**

**کۆرەکە لە لایەن سەرۆکی سەنتەری دەراساتی ستراتیژی لە الاهرام سید یاسین بەرێوە دەچوو، ئەو لەسەر کتێبەکەی طە حسین وتبووی:**

**ئەو دەمانەی ئەو کتێبە دەرچووە قۆناخێکی ناسک بوو، لە شێوەو ئەگەری پێشکەوتن، کاتێکی بوو یان خۆرئاوا یان خۆرهەڵات ..؟ ئێمە لەسەردەمیکی میژوویی ناسک باسی ئەو مەسەلەیە دەکەین، سەردەمی پاش نوێگەرییە، وامان لێهاتووە، باسی کەلتووری ستراتیژی دەکەین، ئەوەش لەناو ئەو مەترسییانەی لەو سەردەمەی جیهانگیریی و کرانەوەی رۆشنبیری مەزن دایە.**

---

**طە حسین ( 1889 ـ 1973 ) نووسەرو زاناو روشنبیرێکی گەورەو نابینای میسربوو، لە سەر نووسینەکانی لەگەڵ زانکۆی الازهرو مەلایەکانی ئەو کات، زۆر تووشی دادگاو لێپرسینەوەو هەڕەشە بووە، لەبەر رۆشنگەری هزرەکانی کرابووە، وەزیرو سەرنووسەری گۆڤاری هزری بووە. لە سۆربونی فەرەنسی دکتۆرای وەرگرتووە، لەوێ کیژێکی فەرەنسی بە ناوی سۆزان هێناوە، ئەویش یارمەتی زۆری داوە بۆ تەواوکردنی پرۆسەکانی نووسین و خوێندنەوەکانی. بەرهەمەکانی سەرووی 50 کتێبی بە عەرەبی و فەرەنسییە، لە هەموویان ناودارتر کتێبی ( من الادب الجاهلی ) یە، کە تێدا رەفزی سەردەمی ئەو شیعرانەی کردووە، بۆیە کێشەی زۆری ناوەتەوە، بە ملحدیش تاوانبارکراوە. لەناو عەرەبدا نازناوی ( عمیدی ئەدەبی عەرەبی ) پێدراوە.**

**وەرگێری بابەتەکە.**

**لە رۆژنامەی القبسی کۆیتی 06082007 بڵاوکراوەتەوە.**